بەهێی ڕووماڵکردنی خێپشاندان ئاسایشی پارتی هێیکوتاسەر میدیایێک و کۆلوپێلەکانی بردووە

ئەمڕۆ یەکشەممە، ئاسایشی سەر بە پارتی بەبێ بەیاری دادوەری و یاسایی هێیکوتاسەر نوسینگەی میدیایێک لە شاری هەولێر بەهێی ڕووماڵکردنی ئەو پێشلکاریێی هێزەکانی پارتی، کە دەرحەق بە مامۆستایان و خێپشاندەرانی سلێمانی و گەرمیان و کەیە کرا، دوای ئەوەی ویستویانە لە بازگەی دەگەڵی پارتی بپەنەوە هەولێر بە گەیاندنی دەنگیان.

کەناڵی کەی ئەن ئەن ڕایگەیاندووە لەگەڵ ئەوەی بە زەبری هێز کەتاییان بە خێپیشاندانی مامۆستایان هێنا لە بازگەی دەگەڵ، هێزە ئەمنییەکان دەستیشیان بەسەر کۆلوپێلە ڕۆژنامەوانییەکانی تیمی کەی ئەن ئەن-دا گرت و پێیان وتون: "بەڵێن لە ئاساشی هەولێر وەریان بگرنەوە".

هەر ئەمڕۆ هێزە ئەمنییەکانی هەولێر هەڕەیانکوتایەسەر نوسینگەی کەناڵی KNN لە شاری هەولێر و دەستیان بەسەر کۆلوپێلە ڕۆژنامەوانیی و کەسییەکانی نوسینگەکەدا گرت.

زانیاری زیاتر...

ئەمڕۆ یەکشەممە 9ـی شوباتی 2025، دوای ئەوەی خێپیشاندەران لە سلێمانی و شارەکانی ئیدارەی گەرمیان و کەیە بە دەیان پاس و ئۆتۆمبیل بەرەو شاری هەولێر بەمەبەستی گەیاندنی دەنگی فەرمانبەران و

مووچەخەرانی نارازی بەرەکەوتن لە بازگەی دەگەلە لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان ڕێگریان لێکرا و بە گازی فرمێسک ڕێژ بەاوەیان پێکرا.

بەیانی ئەمڕۆ یەکشەممە، بەشێک لە مامستایانی مانگرتوو و نارازی بەرەو شاری هەولێر بەڕێککەوتن بە گەیاندنی دەنگیان و بەیاریان دابوو لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم خۆپشاندان بکەن.
بەڵام لە بازگەکانی سنووری پارێزگای هەولێری پایتەخت و لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕێگریان لێکرا و ئومێد خۆشناو، ئەندامی پارتی و پارێزگاری هەولێر لە لێدوانێکی بە ڕۆژنامەوانان بەیانی ئەمڕۆ یەکشەممە گوتوویەتی: "هەولێر تاقەتی نییە پێشوازی لە میوانی ڕێزاگران بکات و پێشوازی لەو جۆرە کەسانە بکات"، ئەوەش وەک ئاماژە بە مامستایانی نارازی سلێمانی کە بەیاربوو درێژە بە ناڕازایەتییەکانیان بدەن و بەرەو هەولێر بڕۆن، بە داواکردنی مافەکانیان و چارەسەری ڕیشەیی بە کێشەی مووچەو شایستە دارایییەکانیان.
ئەمەش لەکاتێکدا، ماوەی 13 ڕۆژە مامستایانی سلێمانی مانیان لە خواردن گرتووە و تەندروستی هەندێکیان خراپە و بەردەوامن لە خۆپشاندان.